جارێکی تر بنکەی سەربازی عەین ئەسەد لە ئەنبار بەردومانکرا

بەرەبەیانی ئەمڕۆ جارێکی تر بنکەی سەربازی عەین ئەسەد لە ئەنبار لە ڕێگەی درێژەو بەردومانکرا، کە بەشێک لە هێزەکانی ئەمریکای تێدا جێگیربوون.

گروپی چەکدارەکان لەعێراق لە ڕاگەیەندراوەکدا بەرپرسیارەتی هێرشەکەی لە ئەستێگرت و ئاماژەی بەوە کرد، لە وەڵامی تاوانکارییەکانی ئیسرائیل بەسەر غەززە، هێرشەکەیان لە ڕێگەی درێژەو بەسەر بنکە سەربازییەکە ئەنجامداوە.

بنکەی سەربازی عەین ئەسەد دەکەوێتە سنووری پارێزگای ئەنبار لە ڕۆژئاوای عێراق و تایبەتە بە مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش.